# ئایە جەزا چنگیانی دۆڕاو و فشەیە؟ یان لیستی 730؟؟!!... جەمال فەتاح

ئەمرۆ لەکوردستان نێتدا جەزاچنگیانی نوسینێکی بڵاو کردووەتەوە لەبن ناوی (لیستی 730 لیستی دۆڕاو... لیستی فشە) جەزا چنگیانی ئەگەر خۆشی ئاشنانەبێت بەگشت خوێنەران بەڵام نوسینە سیکسیەکانی لەلای هەموومان ڕوونە لەبن ناوی حەزە وردیلەکان. مرۆڤێک کە هەموو هۆش و هەزری لەسەر چاڵ و بەرزی سیکس بێت واتە سیکس سەراپای ژیانی داپۆشیبێت. ئەو کەسە دۆڕاوە یان لیستی شەهیدانی کوردستان؟؟یان لیستی خەباتی دەیان ساڵەی پێشمەرگەی کوردستان؟؟.

جەزا لەنووسینەکەیدا باسی دیالۆگ دەکات من ئەپرسم ئایە ئەم نووسینەی جەزا چنگیانی زمانی دیالۆگە؟ یان بەرەی کوردستانی و لایەنە شۆڕشگێڕەکانی سەر گۆڕەپانی دەیان ساڵەی خەبات، ئایە ئەو نووسینەی جەزا چنگیانی زمانی دیالۆگە یان لیستی 730 و هەڵبژاردن ودیموکراسیەتێک کە کوردو هەموجیهان چاوی بڕیوەتە ئەو هەڵبژاردنەو ئەنجامەکەی.

جەزا باسی پێشکەوتنی مۆڕاڵی گەلانی پێشکەوتووەکات کەبەری خەباتێکی سەختی درێژخایەنەو لەوخەباتەدا ڕۆشنبیران و کەپیتاڵ و پێشەسازی وپاراوی ئاینی مەسیح. بەتۆخی ڕۆڵیان هەبووە لەو پێشکەوتنەدا. منیش ئەڵێم دیارەوایە بەڵام ڕۆشنبیرانی ئەوروپی بەتایبەتی ئەورووپای خۆرئاوا کە شەپۆلی دیموکراسی گشت جیهان بەرهەمی رەنجی ئەوانە وەکو جەزا بیریان نەئەکردەوە کە ژیان تەنها لەدوو ڕەوانگەوە ببینن وەک جەزا ئەیبینێت لە سیکسی کچانەو بیرێکی چەپگەرایی دۆڕاو ورابەرێکی لەبناغەدانەبوو وە حەیران ومەستی براکوژی. دیارە ڕۆشنبیرانی خەڵک گشت گیربوون وە بەبێ لایەنی سەیری کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی وئابوری ورۆشنبیریەکانی کۆمەڵگای خۆیان کردووە نەک تەنها لەڕەوانگەی کچەوە سەیری کۆمەڵگا بەکرێت.

هەروەها باس لەوەئەکات ئەو فاکتەرانەی سەرەوە لەکۆمەڵگای کوردی وئێراقی وئیسلامیدا بوونیان نییە. منیش ئەڵێم هەر وایە ئەوفاکتەرە پێشکەوتوانەی لەڕووەکانی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاوە وەک ئابووری پێشکەوتوو وەک ڕۆشنبیریەکی بەکەپیتاڵ کراو لەڕووەکانی سیاسی ئابووری ئیداری تەکنۆلۆجی سەرمایەگوزاری وپێشکەوتنی کۆمەڵگاوهتد.. کەلە ئەورووپادا هەیە لەکوردستاندا نیە چوونکە 1-کورد بەدرێژایی مێژوی دروست بوونی دەوڵەت خاوەنی کیان و دەوڵەت نەبووە، 2-قەوارەی کوردستانی باشورنەک ئابوریەکی ڕووخاویشی نەبووە هەر لەبنەڕەتدا دەوڵەت نەبووە تاکو ئابوری هەبێ بەڵکو لەسفرەوە بۆی دروستکراوە لەلایەن دەسەڵاتی کوردستانەوە3-بەدرێژایی مێژوی نوێ کورد دوژمن خاوەنی بووە بۆیە لەگشت ڕووەکانی پێشکەوتنی ئابووری ئیداری ڕۆشنبیری تکنۆلۆژی ستەمی لەڕادە بەدەر لەجەماوەری گەلەکەمان کراوە، 4-کورد هەمووی دەساڵێکە بووەتە خاوەنی هەندێک لەبڕیارەکانی سەرەڕای هەموو ئەو نەبوونی و کەم وکوڕیانەش ئێستا قەوارەی باشوری کوردستان لەئێران باشترە لەڕووەکلانی دیموکراسی مافی مرۆڤ ئابووری ئیداری سیاسی بژێوی خەڵکەوە وباوەڕی نێودەوڵەتیەوە، لەکاتێکدا ئێران زیاتر لە چوار هەزار ساڵە خاوەنی کیان ودەوڵەتە، لەڕووی ئابوری وبژێوی ژیانی گەلەوە لەتورکیا باشترە کە زیاتر لە 1200 ساڵە خاوەنی کیان ودەوڵەتن. کوردستان لە 22 دەوڵەتی

عەرەبی باشترە لەڕووی سیاسی دیموکراسی ورۆشنیری وپاراستنی مافی مرۆڤەوە، کەسیش لەپڕێک نەبووە بەکورێک. زۆرلەدەوڵەتەکانی ئەوروپا زیاد لە دووهەزار ساڵە خاوەنی دەوڵەت و پەرلەمانن کەچی بەئێستاشەوە گەندەڵیان هەیەوبۆیان بنەبڕ نەکراوە.

جەزا چنگیانی زۆر بێ ویژدانانە دەسەڵاتی باشوری کوردستان وعەرەبی کەلەوشکی ئێراقی بەیەک ئاست ئەخەملێنێت لەڕووی دیموکراسی وپاراستنی مافی مرۆڤ وهتد.. یان کۆمەڵگای کوردی وەک بیری دوژمنانی نەتەوە بەکۆمەڵگایەکی گەوج ئەنرخێنێت، کە دوای سەرکردایەتی سیاسی کورد کەوتوون، ئالێرەدا کۆمەڵێک پرسیار خۆی لەسەر ئەم باسە ئەسەپێنێت ڕاستە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایکی خۆرهەڵاتییە بەڵام ئایا کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی گەوجە کەبێگومان نەخێر کۆمەڵگای گەوج بەکۆمەڵگایە ئەوترێت کە بیری ئازادی لەمێشکیدا نەبێت بەکۆمەڵگایەک ئەوترێت مانای ژیان نەزانێت بەکۆمەڵگایەک ئەوترێت دوور بێت لەکۆمەڵگایەکی شۆڕشگێڕ بەکۆمەڵگایەک ئەوترێت باوەڕی بەدیموکراسی نەبێت بەڵام کۆمەڵگای کوردی پێچەوانەی ئەو جۆرە کۆمەڵگایانەیە، کۆمەڵگا کورد پێچەوانەی کۆمەڵگاکانی عەرەبی تورکی فارسیە باوەڕی بەچەوسانەوەی کەس نیە باوەڕی بە داگیرکردنی خاکو ماڵی کەس نیە

لەسەر مافی ڕەوای خۆی و لەپێناوی سەندنەوەی مافەڕەواکانی دا بەدەریاخوێنی ڕشراوە گەلی کورد گەلێکی شۆڕشگێڕ بووە هەرچەند هێزی دوژمن نابەرابەر بووبێت بەڵام وەکو گەلێکی شۆڕشگێڕ هەرگیز سەری بۆدوژمن شۆڕنەکردووە بۆیە بەو گەلەو بەو کۆمەڵگایە ناوترێت گەلوکۆمەڵگای گەوج. ئەمەلەوانەیە جەزاچنگیانی تەنها لەڕەوانگەی خۆیەوە سەیری هەمووکورد بکات چونکە کۆمەڵگای گەوج کۆمەڵگایەکی مردووە کۆمەڵگای کورد هەردەم لەڕووی بوێریەوە دەنەفەری بەرانبەری هەزاران نەفەر لەدوژمنەکان ڕاوەستاوە نمونەشمان زۆرە لەو بارەوە بۆیە جگە لەوشەی گەلێکی شۆڕشگێڕ هیچ وشەیەکیتر لەسەر گەلی شۆڕشگێڕی کورد دانانرێت. ئەمڕۆش کۆمەڵگەی کوردستانی باشور نمونەی دیموکراسین لەگشت ناوچەکەدا کەپێش 22 دەوڵەتی عەرەبی وئێراو تورکیاش ئەکەون لەو رووە وە. بۆیە بەکۆمەڵگایەکی مردوو گێل نایەنە ژماردن وەها دەربڕینێکیش تەنها دەر بڕینی دوژمنانی نەتەوەکەمانە ونابێت هیچ کوردێک ئەوە دەربڕینیبێت.

جەزا دوور لە هەرڕاستیەک هەمووڕاستیەکان لەخۆی ون ئەکات وئەڵێت:دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتی میلیشایە ولەباشوری کوردستاندا هچ دەسەڵاتێکی یاسایی نیە.

بەڕاستی لام سەیرە کوردێك هەبێت خۆی بەنووسەر بزانێت ئەمە بیر کردنەوەی بێت دەسەڵاتی قەزایی کوردستان دوژمنانی کوردیش دانی پێدا ئەنێت وسەر بەخۆیی تەواوی هەیە بەجۆریک هەتا لەدادگای کوردستانەوە دادوەرێکی کورد ئەبرێت تاکودادگایی سەدام و سەرانی ڕژێمی تاونباری بەعەس بکات، یاسای پۆلیس وئاسایشی کوردستان بەجۆرێکە کە لەزوربەی وڵاتانی هەرە پێشکەوتووی ئەوروپا تیرۆریستان بەردەوام توانیوانە ئاژاوە بنێنەوە وتەقینەوەو کۆمەڵکوژی بکەن بەڵام تاکوئێستا لەکوردستان کە لەناو جەرگەی تیرۆریستاندایە کەمترین خەساریان داوە لە ماڵو ژیانی کورد ئەوتیرۆریستانەش کە چەند کردەوەیەکی کەمو بچوکیان ئەنجامدا پۆلیسی کوردستان دەستگیری کردن وبەرسزای گەلو شۆڕش کەوتن، کەچی جەزاچنگیانی چاوی هەموو ئەو ڕاستیانە نابنیت یان باشتر بڵێم خۆی لێهەڵە ئەکات وهێزی دەورە دیدەو ڕێکخراوی پۆلیسی کوردستان بەمیلیشیا ئەخەملێنێت، ئەمەشیان هەر وتەی دوژمنانی نەتەوەکەمانە کە وەک قەوان جەزا لێیان ئەداتەوە.

جەزا باس لە ناسەربەخۆ نەبوونی زانکۆکانی کوردستان ئەکات بۆئەویان باشتر وایە کە مامۆستایانی زانکۆو سەرۆکی زانکۆکانی کوردستان وەلآم بدەنەوە، بەلآم ئەوەندەی من ئاگاداربم گشت زانکۆکانی کوردستان سەر بەخۆن وهیچ کەس ودەسەلآتێک مافی دەست تێوەردانی لەکاروباری زانکۆدا نییە، بۆئەمەشیان باش وابوو جەزا چەند نمونەیەکی لەودەست تێوەردانە باس بکردایە نەک بێباج بینووسیبایە چونکە نوسنی بێباج لەسەر خاوەنەکەی ماڵە.

جەزا نوسیویەتی: لیستی کوردی لیستێکی ڕەسەن نیە گوتاریان گوتاری نەتەوە نیە. وتاری سیاسی کوردی فشەیە.

بۆئەو چەند برگە هەرزانەی جەزا ئەبێت بپرسین ئەگەر لیستی کوردی لیستی ڕەسەن نییە ئەی نابێت جەزا لیستێکی ڕەسنترمان پێبناسێنێت؟!ئایا کام لیستەی کورد ئەمڕۆ لەلیستی 730 ڕەسەنترە؟!ئەوە ئەبێت جەزا وەلآم گۆبێت نەک من، یان ئەگەر گوتاری پارتی و یەکیتی گوتاری نەتەوە نەبێت؟! ئەی وتاری کێیتر وتاری نەتەوەیە ئەمڕۆ لەکوردستانی باشوردا، ئەم وتە بێنرخانەی جەزا چنگیانی من نازانم ناوبنێم چی بەلآم هەر ئەوەندە ئەڵێم هەندێک مرۆڤ هەیە خەونی وشتر ئەبینێت؟؟!!.

ئەگەر وتاری سیاسی کورد فشەیە ئەی نابێت جەزا وتارێکی وا بۆجەماوەر بخاتە ڕوو کە جێگای وتاری کوردی بگرێتەوە؟! هەر چەند زۆر لەوەش کوردتە بالآترە کە لە سەر وتاری کوردی بدوێت بۆیە من دڵنیام جەزا فشەیە نەک وتاری کوردی.

جەزا ئەڵێت کورد هەر ڕێژەیەک بەدەست بێنێت ناگاتە ڕێژە عەرەب، مەترسی لەدەستدانی کەرکوک وشارەکانیتری کوردستان، زۆرنزیکە شێعەو سونە ئیتلاف بکەن، شێعەو سونە ئەگەر گرژی مەزهەبیشیان هەبێت لەئاستی گوتاری ناسۆنالیستی عەرەبیدا گرفتی کەرکوکدا خاوەنی یەک وتارن.

لەم برگانەی سەرەوەدا جەزا هیچ حسێبێک بۆ ناسیۆنالیست کورد وسەرکردایەتی سیاسی کورد ناکات کەلەکاتێکدا سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر بەڕاشکاوی ئەو مەترسیەیان داوە بەگوێی عەرەب وناوچەکەو جیهانیشدا کە هەر جۆرە پاشگەز بوونەوەیەک للەڕێکەوتنەکان ومادەی58 ودەستووری کاتی ئێراق لەلایەن عەرەبی ئێراقەوە کورد بریاری سەر بەخۆیی خۆی ڕائەگەیەنێت و چەندجارکیش ئەم وتەیەمان بیست لەدەمی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی وسەرکردایەتی سیاسی کورد بەگشتی. کەچی تازە جەزا چنگیانی ئەو مەترسیە چارەسەر کراوەمان بۆگەرم ئەکاتەوە.

جەزا باس لەوە ئەکات کە بارنامەی ناسیۆ نالیستی کورد لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە فرۆشراوە بەچەن ملیاردێك؟!!.

جەزا درۆکانی بێباجن بۆیە دەبوو بۆهەر درۆو بووختانێک بەڵگەی هەبوایە چونکە درۆی بێ باج نووسین پێش هەمووشت گاڵتەکردنە بە خودی نوسەرەکەی.

لەلایەکیتر کورد لەکوردستانی باشوردا تاکو کاتی ئەم نوسینە لە کاک مەسعود و مام جەلال دڵسۆزترو جەربەزەتری نییە ئیتر بۆچی جەزا بەو جۆرە نامەردانەیە ئەودوو سەرکردە دڵسۆزە ئەکات بدز ئەوەشیان باسێکیترەو لێرەدا نامەوێت بچمەسەری.

لەدوا برگەیدا جەزا ئەنووسێت:یەکێتی و پارتی خۆیان دەزانن لەم بازییەشدا دۆڕاون وەلێ بۆئەوەی تاوانی دۆڕاوییەکەیان بخەنە پاڵ تاکی کوردی بۆیە داوای دەنگدانان لێدەکەن.

بۆ دوابڕگەشت ئەبێت پێتبڵێم یەکێتی پارتی دوو شاباڵی شۆڕشی نەتەوەکەمانن وهەرگیز نەدۆڕاون تاکو ئێستا بەتەمای دۆڕانبن، بۆیە جەزا چنگیانی و هەمووئەوانەش کەوەک ئەو لەڕاستیە خۆر ئاساکانی خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەردوو سەرکردە کاک مەسعود ومام جەلال گەیشتوون باڵدڵنیا بن چارە نووسی هەموو نەتەوەکەمان هەر ئەو دووشاباڵەو ئەو دوو سەر کردە دیاری ئەکەن.

لەکۆتاییدا منیش ئەو نوسینە بێسەرو بەرە و دوژمن کارانەی جەزا چنگیانی ئەخەمە بەردەمی خوێنەران و ئەپرسم ئیستا جەزا چنگیانی دۆڕاوو فشەیە یان لیستی 730؟؟!!.. باخوێنەران بۆخۆیان سەر پشک بن...

جمال فتاح
2005/12/2
لەندەن